# بەس سوكایەتی بە خەڵك بكەن!

**ئەکرەم عبدالله**
rodanakram@yahoo.com

جەلال تاڵەبانی لە ووتەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لە هاوینەهەواری دوکاندا کردی، لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنوسێک "کە هەندێ لە خێزانی کوردەکان لە کەرکوک ماڵەکانیان بەرەو سلێمانی و هەولێر بردووە" ووتی: "ئەوانە تەنها ئەتوانم یەک شتیان پێ بڵێم ئەویش خائین، ئەوانە خیانەت ئەکەن بە گەلەکەیان، تەنها بیر لە مەسڵەحەتی شەخستی خۆیان ئەکەنەوە". ئەگەر جەلال تاڵەبانی ئەم قسەیەی لەسەر تەلەڤزیۆن و بەبەرچاوی رۆژنامەنوسانەوە نەکردایە، بمانووتایە بەو خێزانە کوردانەی کە بە ئارەزووی خۆیان شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونیان هەڵبژێرن ئەڵێ خائین، پێیان ئەووتین ئەوە بوختانە و شەخسی جەلال تاڵەبانی بە ڕوح و گیان یارمەتی خەڵکی کەرکوک ئەدات و ڕێزیان لێئەگرێت. بەڵام هێنانی لەشکری جمهوری ئیسلامی و میتی تورکی بۆ کوردستان و ماچکردنی لاملی "سەدام"ی کۆنە دۆستتان و ڕاپێچکردنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ژێر دەستی ئاخوندەکانی سیستانی و هێزە کۆنەپەرستەکانی تر بە شەهامەت ئەزانێ! و شانازی پێوە ئەکات و نابێ کەسیش هیچیان پێ بڵێ. هەرکەسێکیش ڕەخنەی لێگرتن ئەکەوێتە بەر هێرشی هێزە چەکدارەکانتان. وەکو ئەوەی بەرامبەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و خەڵکی کەلار کردتان. سیستانی بە خێر و بەرەکەت بۆ سەر خەڵک وەسف ئەکەن و تەنانەت ئامادەن کۆمەڵگای عێراق غەرقی کۆنەپەرستی بکەن و ژنانی عێراق بە دەردی ژنانی ئەفغانستان و ئێرانی لێ بێت تەنها بۆ ئەوەی خۆت بەشت هەبێت لە دەسەڵات، هەموو ئەمانە بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەکەیت کەچی جەرائەتیشت هەیە کە خەڵکێک ئەیەوێت خۆی و ماڵ و منداڵەکەی لەو شەڕەی کە تۆ و حزبە هاوپەیمانەکانی ترتان دروستتان کردووە ڕزگار بکات سوکایەتی پێ بکەن و پێی بڵێن خائین.

ئەتوانن پێمان بڵێن ئەم هەموو شیوەنە بۆ کەرکوک بۆچی؟ ئەی لە ماوەی ئەم چواردە ساڵەدا چ خزمەتێکتان بە خەڵکی هەڵەبجە کرد کە دۆستەکەی خۆتان، سەدام، کیمیابارانی کرد؟ ئەتوانن پێمان بڵێن بۆچی تۆ و حزبەکەی هاوپەیمانت، پدک، بۆ هەڵەبجە ئەو شیوەنە ناکەن و ئاوەدانی بکەنەوە؟ و ڕۆژێک نەمانبینی منافەسە بکەن لەسەر ئەوەی کە خزمەت پێشکەش بکەن بە شاری هەڵەبجە؟ وە کێ دەستی گرتبوون؟ شیوەنەکەی تۆ بۆ پیاو ژن و مناڵ و پیر و پەککەوتەی شاری کەرکوک نییە. تەنانەت ئەو خێزانانەشی کە گەڕاونەتەوە لە ژێر خێمە و کون و کەلەبەردا ژیان بەسەر دەبەن، ئەگەر پارە و پولی یەک مانگی بودجەی خۆت و حزبەکەت سەرف بکردایە ئەتوانرا خانوویان بۆ دابین بکرێت. کەچی ئامادە نیت لە قڕوشێکی خۆش ببیت.
کە ئەوەندە جەرائەتت هەیە، کاتێک فایلەکانتان ئاشکرا بوو بۆچی لە گوڵ کاڵترتان پێ نەووتن و هەر بە کوێخا داتاننانەوە بەسەر خەڵکەوە؟ ئەگەر تۆزقاڵێک بۆ ئەو خێزانانەی کە کوڕەکانیانتان دا بە کووشت وەفادار بوونایە، ئەبوایە هەموو ئەو کەسانەی کە لە لسیتەکەدا ناویان هەبوو بدرانایە بە دادگا، بەڵام لوتفت نەفەرموو بێیتە سەر تەلەڤزیۆن و دوو قسەش بکەیت. کەچی ئەو خەڵکەی خۆیان شوێنی ژیانی خۆیان هەڵئەبژێرن، ئامادەن هەزار سووکایەتییان پێ بکەن. تاڵەبانی و حزبەکەی هەروەک پیشەی خۆیان هەرکەس بە قسەیان نەکەن و بە فەرمانی ئەوان نەجووڵێنەوە بە خائینی ئەزانن!

01.10.2005